# یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان

## پرۆژەی چاودێریی دۆخی تەندروستی

## راپۆرتی 24: گرفتەکانی ژینگە و پاکوخاوێنی ناوەندە تەندروستیەکان

ئەیلولی 2019

27/09/2019

# ناوەڕۆک



| ژمارەی پەڕە | ناونیشان |
|---|---|
| | بەشی یەکەم: ناساندن |
| 4 | پێشەکی |
| 5 | کارنامەی یەکە |
| 6 | ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە |
| | بەشی دوەم: راپۆرت |
| 8 | دەستپێک |
| 8 | پاککردنەوەی ناوەندە تەندروستیەکان |
| 10 | کاریگەریەکانی نەبونی کارمەندی ژینگە پارێز لە مەڵبەندە تەندروستیەکان |
| 11 | هەوڵەکانی تەندروستی گەرمیان بۆ چارەسەرکردنی نەبونی ژینگەپارێز لە مەڵبەندەکان |
| 11 | چۆن لێپێچینەوە لە سەرپێچیکاران دەکرێت؟ |
| 12 | کەمی ئاو وەک یەکێک لە گرفتەکانی بینا تەندروسیەکان |
| 13 | بەڕێوبەری ناوەندە تەندروستیەکان: لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاو هاوکاری تەندروستی ناکەن |
| 15 | سەرچاوەی ئاوی ناوەندە تەندروستیەکان و چۆنیەتی پاکردنەوەی تانکی ئاوەکان |
| 15 | سیستەمی ئاوی بینا تەندروستیەکان وەک پێویست نیە |
| 16 | ناوەندە تەندروستیەکانی گەرمیان باخەوانیان نیە |

| | |
|---|---|
| 17 | قسەی بەڕێوبەری ئەو ناوەندە تەندروستیانەی ڕێژەی سەوزاییان کەمە |
| 19 | ئەو بینا تەندروستیانەی باخچەی سەوزیان هەیە ئایا باخەوانیان هەیە؟ |
| 21 | بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان: سەوزکردنی بیناکان کەوتوەتە دەست بەڕێوبەرەکان |
| 21 | رۆڵی شارەوانی لە دابینکردنی نەمام و خۆڵ بۆ باخچەی ناوەندە تەندروستیەکان |
| 22 | بەڕێوبەرانی ناوەندە تەندروستیەکان چی دەڵین دەربارەی لایەندە پەیوەندیدارەکان بە دابینکردنی نەمام |
| 23 | سەرۆکی شارەوانی کەلار: ئەو نەمام و خۆڵەی بۆ ناوەندەکانی دەنێرین هەر ئەوەش بۆ خۆمان بەکاردەهێنین |
| 23 | دروستکردنی خواردن و گرفتەکانی |
| 24 | بەکارهێنانی کەرەستەکانی پاککەروە |
| 25 | رای هاوڵاتیان لەسەر ژینگەو پاکوخاوێنی ناوەندە تەندروستیەکان |
| 26 | پاشماوە پزیشکیەکان چین؟ |
| 27 | لە ناوەندە تەندروستیەکان سەتڵی خۆڵ جیانەکراوەتەوە |
| 27 | چۆنیەتی لەناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان لە گەرمیان |
| 28 | شارەزایان هۆشداری دەدەن لە مەترسیەکانی پاشماوە پزیشکیەکان لە گەرمیان |
| 29 | چۆن دەتوانین پاشماوە پزیشکیەکان بە بێ مەترسی لەناوبەرین؟ |
| 29 | دابینکردنی ئامێری لەناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان لە گەرمیان بە کوێ گەشتوە؟ |
| | بەشی سێیەم: راسپاردە |
| 30 | راسپاردەکان |

## بەشی یەکەم: ناساندن

### 1. پێشەکی

رادیۆی دەنگ وەکو دەزگایەکی کۆمەڵگەیی لەگەرمیان، لەپاڵ ئەرکە سەرەکیەکەی دا وەکو دەزگایەکی راگەیاندنی سەربەخۆ لەگەرمیان بۆ گەیاندنی هەواڵ و زانیاریی و شرۆڤەو پێشهاتەکان، هاوکات چەند پرۆژەیەو کارێکی دیکەشی ئەنجامداوە، کەهەندێک لەو پرۆژانە لە دەرەوەی خانەی کاری رۆژنامەوانین.

دروستکردنی (یەکەی چاودێریی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان) یەکێکە لەو پرۆژانەی کە رادیۆکە هەستاوە بە ئەنجامدانی، ئەویش لەو سۆنگەیەوە کە کاری میدیایی لەگەڵ کاری چاودێریی دەزگاکان تێهەڵکێش بکات و بیگونجێنێت، بەشێوەیەک زۆرترین خزمەت و سودی بۆ کۆمەڵگا لێبکەوێتەوە.

کاری ئەم یەکەیە لە ماوەی 2 ساڵی رابردودا، بەتایبەت چاودێرییکردنی هەردو کەرتی (پەروەردە) و (تەندروستی) بوە لەگەرمیان، بەم راپۆرتەوە یەکەکە (48) راپۆرتی لەبارەی گرنگترین کێشە و ئالەنگاریەکانی بەردەم ئەم دو کەرتە بڵاوکردوەتەوە، بەشێوەیەک هەر کەرتە و مانگانە راپۆرتێک لە بوارێکی دیارییکراو ئامادە و بڵاو دەکاتەوە.

ئەم راپۆرتانەش جگە لە رایگشتی، ئاراستەی پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگای سلێمانی و هەروەها حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی پەیوەندیدار و ئیدارەی گەرمیان و هەروەها دامودەزگاکانی تری پەیوەندیدار دەکرێت.

ئەم راپۆرتەمان کۆتا راپۆرتی یەکەکەمان دەبێت بەمشێوەیەی ئێستای، چونکە لە مانگی داهاتوەوە و بەگوێرەی پرۆژەی نوێی رادیۆکەمان بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی، کاری ئەنجامدانی راپۆرتی یەکەکەمان فراوانتر دەکەین، بەشێوەیەک هەر مانگە و لەسەر کەرتێکی دیاریکراو لە گەرمیان جیا لە پەروەردە و تەندروستی، راپۆرت ئەنجام دەدەین. لەپاڵ ئەمەشدا چەند راپۆرتێکی هەڵسەنگاندنمان دەبێت بۆ ئەو کێشانەی کە لە بواری پەروەردە و تەندروستی دا لە 2 ساڵی رابردودا راپۆرتمان لەسەریان کردوە، بۆ ئەوەی بزانین تاچەند بەرەوپێشەوەچون هاتوەتە ئاراوە.

لێرەوەش سوپاسی سەرجەم ئەو لایەن و کەسایەتیانە دەکەین کەلە ئەنجامدانی راپۆرتەکانمان دا لە بواری تەندروستی دا هاوکارمان بون، بەتایبەتیش بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، بەڕێوبەرایەتی خۆپاراستنی تەندروستی گەرمیان، بەڕێوبەرێتی تەندروستی خانەقین، بەڕێوبەرایەتی نەخۆشخانەکانی: (ن. گشتی کەلار، ن. گشتی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، ن. شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون و ن. فریاکەوتنی شەهید هەژار)، سەنتەر و مەڵبەند و بنکە تەندروستیەکان، بەرپرسانی هۆبە و بەشە جیاوازەکانی تەندروستی، فەرمانبەران و کارمەندان، سەندیکاکانی پەیوەست بە تەندروستی، لەگەڵ ئیدارەی گەرمیان و قایمقامیەتەکانی کەلار و کفری، رێکخراو و چالاکوان و رۆشنبیر و رۆژنامەنوسان، کە هاوکارمان بون لەماوەی ئەم دو ساڵەی رابردودا.

بەهیواین ئەم هەنگاوەمان جێگەی گرتبێت و رۆڵی هەبوبێت لە بەرەوپێشەوەچونی ئەو کەرتانە و هەروەها دانانی بناغەیەک بۆ پەیوەندی حکومەت و کۆمەڵگەی مەدەنی لەگەرمیان و بەدواداچونکردنی کۆمەڵی مەدەنی بۆ ئەو پرسانەی لە حکومەتدا پەیوەستن بە ژیان و داهاتوی خەڵکەوە.

بەدڵنیشایشەوە هەڵە و کەموکورتیشمان هەبوە، بۆیە لەو روەشەوە داوای لێبوردن دەکەین و خۆشحاڵیش دەبین ئەگەر هەڵەکانمان بۆ راست بکرێنەوە

## 2. کارنامەی یەکە

**یەکەم: ناساندن**

یەکەیەکی تایبەتی رادیۆی دەنگە بە پاڵپشتی سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی ئەمریکی (NED) ساڵی 2017 دامەزراوە، کاری چاودێرییکردنی حکومەتی خۆجێیی گەرمیان ئەنجام دەدات بەمەبەستی پەرەدان بەکارەکانیان و هەروەها برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن و شەفافیەت و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و دروستکردنی لێکتێگەیشتنێکی باشتر بۆ پەرەدانی زیاتر بە خزمەتگوزاریەکان.

دوەم: ئامانجی یەکە

1. برەودان بە پرۆسەی چاودێرییکردن وەکو بنەمایەکی گرنگ لە پیادەکردنی حکومەتی پێشکەوتو و دیموکراسی.

2. دروستکردنی کۆدەنگی لەگەڵ دەزگا حکومیەکان بەمەبەستی دروستکردنی فشار بۆ ئەنجامدانی پرۆژەی خزمەتگوزاریی بۆ دەڤەرەکە.

3. بەدواداچونکردن بۆ کێشەو گرفتەکان و دەستنیشانکردنیان و ئاراستەکردنی بۆ لایەنە فەرمیەکان، بەمەبەستی چارەسەرکردنیان.

4. دروستکردنی رایەڵەو پتەوکردنی لەنێوان هاوڵاتیان و حکومەت دا، هەروەها هێنانە ئارای لێکتێگەیشتنێکی باشتر لەنێوان هەردولا لەروی دابینکردنی خزمەتگوزاریەکانەوە.

سێیەم: کارەکانی یەکە

1. ئەنجامدانی راپۆرتی مانگانە لەسەر چالاکی و خزمەتگوزاریەکان و هەروەها دەستنیشانکردنی کەموکورتیەکان و رەوانەکردنی ئەو راپۆرتانە بۆ حکومەتی ناوەندی و پارلەمان و ئەنجومەنی پارێزگاو ئەنجومەنی خۆجێیەتی.

2. ئەنجامدانی هەڵمەتی فشار بۆ باشترکردنی خزمەتگوزارییەکان لە سنورەکەدا.

3. ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیاریی بەهاوکاری دەزگا فەرمییەکان.

4. ئەنجامدانی کۆبونەوەو کۆنفرانس و دانیشتن لەنێوان چین و توێژە جیاوازەکان و حکومەتی خۆجێیەتی، بە ئامانجی برەودان بە جۆری خزمەتگوزاریی و فەرمانڕەوایەتی.

5. ئەنجامدانی بەرنامەی تایبەت لە کەناڵەکانی راگەیاندن بۆ باشترکردنی پەیوەندی و لێکتێگەیشتنی نێوان خەڵک و حکومەت.

چوارەم: بنەما پیشەیی و ئەخلاقیەکانی کارکردنی یەکە

1.لایەنگیریی نەکردن لە کارکردن لەسەر کێشەو کەموکورتیەکان.

2.پابەند بون بەپیشەیی بونەوە لەخستنەروی بابەتییانەی کێشەکان.

3.وەرنەگرتنی هیچ کۆمەک و هاوکاریەکی دارایی لە حکومەت و حزب.

# 3. ناساندنی لایەنی جێبەجێکاری پرۆژە و ناوچەی گەرمیان

## 1. رادیۆی دەنگ

رادیۆی دەنگ، یەکەمین رادیۆی کۆمەڵگەیی ئەهلیە لە گەرمیان.

لە ساڵی 2010ەوە دامەزراوەو لە بەرواری 6ی شوباتی ئەو ساڵەوە، دەستی کردوە بەپەخشی خۆی لە سنوری قەزای کەلار و دەوروبەری.

ئەم رادیۆیە، لەلایەن هەردو رۆژنامەنوس (جەزا محەمەد) و (ئازاد عوسمان)ەوە بەهاوکاری ژمارەیەک گەنجی رۆژنامەنوس و چالاکوانی خۆبەخش دامەزراوە، ئامانجیشی بریتیی بوە لە پەرەپێدانی دیموکراسیی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی هاوڵاتیانی سنوری گەرمیان لەرێگەی ئەو بەرنامەو هەواڵ و بابەتانەی کە بەدواداچونیان بۆ دەکات.

رادیۆکە، بە نوسراوی ژمارە (265) لە بەرواری (2010/2/2) و بەرێگەپێدانی وەزارەتی گواستنەوەو گەیاندن بۆ شەپۆلی رادیۆکە بە نوسراوی ژمارە (368) لە بەرواری (2010/2/2) مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتوە.

لەئێستادا رۆژانە 24 کاتژمێر لە سنوری گەرمیان، لەسەر شەپۆلی FM 99.9 پەخشی بەرنامەکانی دەکات، هاوکات سایتێکی ئینتەرنێتیشی هەیە هەواڵ و بەرنامەو پەخشی بەرنامەکاتی تێدا دەکات بەناونیشانی (radiodang.org).

رادیۆکە، رادیۆیەکی کۆمەڵگەییە، واتا بۆ کۆمەڵگەو ناوچەی گەرمیان بەتایبەتی پەخش دەکات، لەبوارە جیاوازەکانی وەکو: سیاسیی، کۆمەڵایەتیی، ئابوری، رۆژشنبیریی، کەرتی خزمەتگوزاریی و حکومیی و وەرزشیی و ... هتد، بەدواداچون دەکات. هاوکات بەدواداچونیش بۆ پرسە نیشتمانیی و کێشە سەرانسەرییەکان دەکات و رەهەندە نیشتمانیی و مرۆڤانەییەکانی بەهەند وەرگرتوە.

جگە لە کاری میدیایی، رادیۆی دەنگ چەندین پرۆژەی دیکەی لەماوەی شەش ساڵی تەمەنی دا ئەنجامداوە، لەوانە: (کردنەوەی خولی پێگەیاندنی رۆژنامەنوس، خولی پەرەپێدان بەتوانانی رۆژنامەنوسان، ئەنجامدانی کۆڕ و سیمینار، سپۆنسەر کردنی هەندێک چالاکی هونەریی).

## 2. سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی NED

سندوقی نیشتمانی بۆ دیموکراسی (NED) دامەزراوەیەکی ئەمەریکی قازانج نەویستی تایبەتە بە گەشەپێدان و پاڵپشتیکردنی دامەزراوە دیموکراتییەکان لەهەمو جیهاندا، کەلەلایەن کۆنگریسی ئەمەریکییەوە ساڵانە بودجەی تایبەتی بۆدیاریدەکرێت، ئەویش ساڵانە پاڵپشتی زیاتر لە (1200) هەزارو دو سەد پرۆژەی گروپە ناحکومییەکان لە (90) نەوەد وڵاتدا دەکات.

(NED) هەر لەدامەزراندنییەوە لەساڵی (1983) دا، پێشەنگە لەتێکۆشانی دیموکراتیدا لە شوێنەجیاوازەکانداو گەشەیکردوە بۆ دامەزراوەیەکیفرە رەهەندو ئاراستەو بوەتە چەق بۆ چالاکیو ئاڵوگۆڕی هزری بۆ چالاکوانو توێژەرانی بواری دیموکراتی لەجیهاندا.

(NED) باوەڕی بەوەیە کە ئازادی خولیایەکی جیهانی مرۆڤایەتییە، ناکرێت لەرێگەی گەشەپێدانی دامەزراوە دیموکراتییەکانەوە بهێنرێتەدی، بەها دیموکراتییەکان لەرێگەی تاکە هەڵبژاردنێکەوە بەدیناهێنرێن، هەروەها پێویست ناکات کە دوبارەکردنەوەی نمونەی وڵاتە یەکگرتوەکان یان هەر وڵاتێکی دیکە بێت، بەڵکو بەگوێرەی پێویستییەکان و دابونەریتە کەلتورە سیاسییە جیاوازەکان گەشەدەکات.

## 4. ناساندنی ناوچەی گەرمیان:

گەرمیان بەناوچەیەکی دیارییکراوی سەر پارێزگای کەرکوک بەپێکهاتە کۆنەکەی هەژمار دەکرێت کەدواتر بەهۆکاری تەعریب، خرایە سەر پارێزگای سلێمانی.

ئەم ناوچەیە، لەکۆمەڵێک قەزا پێکدێت، بەڵام لەروی ئیدارییەوە، ئیدارەی گەرمیان لەئێستادا کورت بوەتەوە بۆ قەزاکانی: (کەلار و کفری و بەشێک لە قەزای خانەقین.)

لەدوای راپەڕینی ساڵی 1991، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەشێوەیەکی کاتی پارێزگای کەرکوک کە قەزاکانی (کەلار، کفری، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و بەشێک لە ناحییەکانی قەزای خانەقین) دەگرتەوە، پێکهێنرا. لەگەڵ پێکهێنانی پارێزگاکەشدا بەهۆی نەبونی بینا بۆ فەرمانگە و بەرێوەبەرایەتییەکان لە قەزای کەلار، قەزای دەربەندیخان دیاریکرا بۆ ناوەندی پارێزگای کەرکوک.

بەپێی پێگەی فەرمیی ئیدارەی گەرمیان لە ئەنتەرنێت، دوای روخانی رژێمی پێشوی عێراق لەساڵی 2003دا، جارێکی تر گەرمیان کە قەزای کەلار ناوەندەکەیەتی توشی بۆشاییەکی ئیداری هات، ئەوەش بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی پارێزگای کەرکوک لە دەربەندیخان، بۆچارەسەرکردنی ئەو بۆشاییە ئیدارییەش، ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە بڕیارێک لە رۆژی 2006/8/6 "ئیدارەی گەرمیان"ی پێکهێنا کە مەرکەزەکەی لە قەزای کەلار دانراوە، هەروەها لەپێناو کاراکردنی ئیدارەکە و فراوانکردنی دەسەڵاتە کارگێڕییەکانی، حکومەتی هەرێم لە ساڵی 2008 بڕیاریدا ئیدارەی گەرمیان هاوشێوەی پارێزگاکانی تری هەرێم مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت و لەو روەشەوە دەسەڵاتی پارێزگار بە خشراوەتە سەرپەرشتیاری ئیدارەکە.

# بەشی دووەم: راپۆرت

## 1. دەستپێک:

ژینگەی تەندروست و پاکوخاوێن، بەواتای ئەوەی تاچەند پاکوخاوێنی بینا تەندروستیەکان رادەگیرێت و گرنگی بە سەوزایی باخچەکان دراوە، ئەمانەش دوانەیەکی گرنگی بونیادی بینا تەندروستیەکانن، هەربۆیە دەبێت ئەم دولایەنە بەبەردەوامی گرنگی تایبەتی پێبدرێت.

لەم راپۆرتەدا تیشک دەخەینەوە سەر ئاستی ژینگە و پاکوخاوێنی لە ناوەندە تەندروستیەکانی گەرمیان، بۆ ئەم مەبەستەش بە 5 بەشی جیاواز باس لە 5 بەشی گرنگ و بنەڕەتی ژینگە و پاکوخاوێنی کراوە.

هەروەک بەدواداچون دەکەین بۆ ئەوەی ئاستی خزمەتگوزاریەکانی ژینگە و پاکوخاوێنی لە ناوەندە تەندروستیەکان دا چۆنن؟ چی بەرەوپێشەوەچونێک هەیە؟ چی کێشە و ئاستەنگێک هەیە؟ ئەو کێشانە تاچەند مەترسیدارن و دەکرێت چۆن چارەسەر بکرێن؟

## 2. پاککردنەوەی ناوەندە تەندروستیەکان

2-1. چەند ساڵێکە کاری پاککردنەوەی ناوەندە تەندروستیەکان دراوە بەکۆمپانیاکانی پاککردنەوە، ئەمەش تەنها لە نەخۆشخانەکاندا هەیە و مەڵبەند و بنکەکان پشت بە ژینگەپارێز و پاکەوانی خۆیان دەبەستن.

لە ساڵی ٢٠١٦ـەوە بەهۆی راگرتنی دەوامی ٢٤ کاتژمێری لە مەڵبەندە تەندروستیەکان کارمەندی ژینگە پارێز لە ریزبەندی گرێبەست بۆ ئەو مەڵبەندانە دەرکرا و راگیرا، هەربۆیە لەساڵی رابردو گرێبەستی کارمەندی ژینگەپارێز تەنها بۆ چوار نەخۆشخانەکەی گەرمیان کراوە بەم شێوەیە.

| ناوی نەخۆشخانە | ژمارەی کارمەندی ژینگەپارێز | ژمارەی سەرپەرشتیاری ژینگەپارێز |
|---|---|---|
| نەخۆشخانەی گشتی کەلار + ٤ سەنتەری تەندروستی | ٤٩ | ١ |
| نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی | ٢١ | ١ |
| نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب | ٢٩ | ١ |
| نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار | ٢٥ | ١ |

کۆی گشتی کارمەندانی گرێبەستی ژینگەپارێز دەکاتە ١٤٨ کارمەند و بەرێوبەری نەخۆشخانەکانیش هێما بەوەدەکەن کە ئەم ژمارە بۆ ئەوان وەک پێویست نیە.

لێپرسراوی بەشی گرێبەستەکان لە بەرێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان، لەمبارەیەوە رایگەیاند لەدەسەڵاتی ئەواندا نیە، چونکە وەزارەتی دارایی ژمارەی کارمەندەکان دیاری دەکات.

ئەنوەر حسێن، وتیشی: "ساڵانە داوا لە بەرێوبەرەکان دەکەین چەند کارمەندیان دەوێت بەنوسراو ئاگادارمان بکەنەوە ئێمەش هەر ئەو ژمارە دەنێرین بۆ وەزارەت، بەڵام وەزارەتی دارایی دواتر ژمارەکە دەگۆرێت و بە پێی ئەو بودجەیەی خۆی دیاری دەکات، ئەمەش لە دەسەڵاتی ئێمەدا نیە".

بەرێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد ئەگەر ئەو ژمارە کارمەندەی هەیانە بە پێی خاڵەکانی گرێبەستەکە رۆژانە کاربکەن هیچ گرفتێکیان نابێت.

د.سیروان محەمەد، هێمای بەوەشکرد لەمساڵدا بەندێکی نوێیان بۆ گرێبەستەکەیان لە گەڵ کۆمپانیا زیادکردوە بەوەی کە تەنها دەتوانن ٥٠ % کارمەندی پێشو وەبگرنەوە، چونکە پێویستە کەسی دیکەش سودمەند بێت بەتایبەت

ئەوانەشی کە کارەکانیان وەک پێویست ئەنجام نادەن بگۆڕن، لەبەر ئەوەی ئەمە گرێبەستی هەمیشەیی نیە وەک حکومەت کە کەسەکە کارەکەشی بە باشی نەکرد هەر بمێنێتەوە.

## 2 –2. کاریگەریەکانی نەبونی کارمەندی ژینگە پارێز لە مەڵبەندە تەندروستیەکان

لە ساڵی ٢٠١٦ تاوەکو ئەمساڵ بە پێی بڕیارێکی وەزاری، گرێبەستکردن بۆ کارمەندانی ژینگەپارێز بۆ مەڵبەندە تەندروستیەکان راگیرا، بەمەش مەڵبەندە تەندروستیەکان دوچاری گرفتێکی قورس بونەتەوە، لە بەرامبەریشدا نەخۆشخانەکان هاوکاری مەڵبەندەکانیان کردوە بە تەنسیب کارمەندیان بۆ ناردون.

سۆران کەریم، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی کفری، نەبونی کارمەندی ژینگەپارێز لە مساڵدا لە مەڵبەندەکەیان بە گرفتێکی سەرەکی داناو رایگەیاند: "دوای ئەوەی دەوامکردن لە مەڵبەندەکەمان کرایەوە بە ٢٤ کاتژمێری و بەشی فریاکەوتنی کاراکرایەوە نەبونی کارمەندی ژینگە پارێز زۆر گرفتێکی گەورەیە بۆ ئێمە".

وتیشی: بەڕێوبەری نەخۆشخانەی قەزاکە هاوکاریان بوە بە ناردنی ٢ کارمەندی ژینگەپارێزی نەخۆشخانەکەیان بۆ مەڵبەندەکەی ئێمە.

ئاماژەی بەوەشکرد: لە ماوەی رابردودا ناچار خۆیان وەک کارمەندانی مەڵبەندەکە کاری پاکردنەوەیان کردوە بۆ مەڵبەندەکە.

بینا تەندروستیەکان بەبەردەوامی بەهۆی سەردانکردنی نەخۆشەوە پێویستی بە پاکردنەوەی تایبەت هەیە، بۆ مەڵبەندەکانیش کە سەردانیکەرانی رۆژانەیان دەگاتە ٢٠٠ بۆ ٣٠٠ کەس، پێویستییەکی هەنوکەیە.

مستەفا رەشید، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە، باسی لەم گرفتە کرد کە روبەڕویان بوەتەوە، بەوەی کارمەندی ژینگەپارێزیان بۆ دابینەکراوە، بەهەمان شێوە هێمای بەوەکرد دوکارمەند بە تەنسیب لە دو نەخۆشخانەی کەلارەوە نێردراون بۆ مەڵبەندەکەیان.

## 3 - 2. هەوڵەکانی تەندروستی گەرمیان بۆ چارەسەرکردنی نەبونی ژینگەپارێز لە مەڵبەندەکان

بڕیاری راگرتنی گرێبەست بۆ کارمەندی ژینگەپارێز بۆ مەڵبەندەکان، لە کاتێکدا بو دەوامکردنی ٢٤ کاتژمێری لە مەڵبەندە تەندروستیەکان وەستێنرا، بەڵام لە ئێستادا چەند مەڵبەندێکی تەندروستی لە گەرمیان ٢٤ کاتژمێرین و کارمەندیان بۆ دیاری نەکراوە.

ئەنوەر حسێن، بۆ ئەم گرفتە وتی: "لەبەر ئەوەی بڕیاری کردنەوە ٢٤ کاتژمێری ئەو مەڵبەندە تەندروستیانە دوای گرێبەستی ئەمساڵ بوە لە گەڵ کۆمپانیاکانی پاککەرەوە، هەربۆیە نەتوانرا کارمەندیان بۆ دابین بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا بە بڕیارێکی وەزاری وەرگرتنی کارمەند بۆ مەڵبەندەکان راگیراوە".

لە بارەی ئەوەی لە گرێبەستی نوێی ساڵی داهاتو کارمەندی گرێبەست بۆ مەڵبەندەکان وەردەگرن، وتی: "بەنوسراوی رەسمی وەزارەتمان ئاگەدار کردوەتەوە بۆ ئەو مەبەستە، بەڵام تاوەکو دەستپێکی ساڵی نوێ ناتوانین هیچ گرێبەستێکی نوێ بکەین بۆ وەرگرتنی کارمەند".

لەکاتی دەرچونی بڕیاری وەزارەت بۆ نەهێشتنی کارمەندی ژینگەپارێزی کۆمپانیاکان لە مەڵبەند و سەنتەرەکان، داوا لە بەڕێوبەرایەتیەکان کراوە کارمەندانی دامەزراوی حکومەت لە نەخۆشخانەکانەوە بنێرنە ئەو شوێنانە.

د.سیروان محەمەد، ئەوەی خستەڕو لەبەر ئەوەی ئەو کەسانەی لە پێشوتر بە هەویەی حزبی و بەبێ رەچاوکردنی توانای کارکردن وەرگیراون، وەکپێویست سودیان لێوەرنەگرتون "ئێمە کێشەمان لەگەڵ ئەو کارگوزارانە هەیە کە لە کاتی بانگەشەی هەڵبژاردن وەرگیراون، چونکە کەسانی بەتەمەنن، تەندروستیان رێگەیان پێنادات بەبەردەوامی کاری پاکردنەوە بکەن ناشتوانین زۆریان لێبکەین".

## 2-4. چۆن لێپێچینەوە لە سەرپێچیکاران دەکرێت؟

سزای کارمەند و کۆمپانیاکانی پاککەرەوە تاوەکو ئێستا نەگەشتۆتە حاڵەتی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەست، ئەوەی هەیە سزای مادیە. دەسەڵاتی لێپێچینەوە و بەدواداچون لە لایەن دو لیژنەیە لەگەڵ بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان.

تاوەکو ئێستا چەندین جار لیژنەی دیوانی تەندروستی گەرمیان کە شەش مانگ جارێک ئەندامەکانی دەگۆڕێن، سەرپێچیکاریان سزاداوە، لەبارەی ئەو سەرپێچیانەوە لێپرسراوەی گرێبەستەکان لە دیوانی تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: "لە دابیکردنی کەرەستەکان هەندێکجار کۆمپانیا دواکەوتوە، وەک: دابینکردنی سەتڵی خۆڵ، بەمەش سزادراوە لەبەر ئەوەی سەرپێچی کردوە، هەندێکجار بە هۆکاری جیاجیای دیکە سزادراون".

لەبارەی سزای کارمەندی ژینگەپارێزەوە وتی: "سزاکانیان بڕینی موچەکەیەتی بۆ نمونە: کارمەند هەبوە ٢٠٠ هەزار لە موچەکەی بڕاوە بەهۆی جێبەجێ نەکردنی ئەرکەکانیەوە".

بەڕێوبەرانی ناوەندەکانیش راستەوخۆ دەتوانن سەرپێچیکار سزابدەن و لیژنەی دیاریکراو ئاگادار بکەنەوە.

هەڵگورد محەمەد، هێمای بەوەکرد لەم ساڵدا هیچ کارمەندێکیان سزا نەداوە، بەڵام لە ساڵانی پێشو بە هۆکاری جیاواز کارمەندی ژینگە پارێزیان سزادراوە.

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش ئاماژەی بەوەکرد بەرپرسانی کارگێری نەرمی دەنوێنن بەرامبەر سەرپێچیکاران، چونکە کارمەندی ژینگەپارێز هەیە بە پێی مەرجەکانی گرێبەستەکەی، کارەکانی جێبەجێ ناکات.

لەبارەی ئەم حاڵەتەوە تەندروستی گەرمیان چ رێوشوێنێکی گرتوەتەبەر؟ د.سیروان محەمەد، هێمای بەوەکرد "لیژنەی بەڕێوبەرایەتی تەندروستی ناتوانێت هەمو رۆژێک چاودێری کاری ژینگەپارێز و کۆمپانیاکان بکات، بەڵکو لێپرسراوە کارگێرپیەکان دەبێت رۆژانە چاودێر بن، بەڵام ئەگەر حاڵەتێک هەبێت ئەمانیش کەمتەرخەم بن ئەوکات سزای کارمەندی ژینگەپارێز و کۆمپانیاکە دەدەین، لەگەڵ ئەوەشدا لێپرسینەوە لەگەڵ لێپرسراوە کارگێڕییەکان دەکەین".

## 3. گرفتەکانی ئاو

### 3-1. کەمی ئاو وەک یەکێک لە گرفتەکانی بینا تەندروسیەکان

ئاو یەکێکە لە پێویستیە سەرەکیەکانی هەمو ناوەندێکی تەندروستی، ناکرێت بینایەک دروست بکرێت بیر لە سیستەمێکی گونجاوی ئاوی بۆ نەکرابێتەوە، یاخود بەشێوەیەک ئاوی بۆ راکێشرابێت کە بۆریەکەی لە ژێر زەوییەوە گرفتیکی هەبێت ئیتر چارەی نەبێت و ناوەندە تەندروستیەکە بێ ئاوبێت.

د. بەناز جەلیل، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب دەڵێت: "خێرخواز پارەی بۆ بیری دوەمی نەخۆشخانەکە دابینکردوە کە ئێستا ئیشی تێدا دەکرێت، ئەگینا یەک بیرمان هەیە و بەشی نەخۆشخانەکە ناکات".

لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار بۆری ئاویان بۆ کێشراوە لە پێشوتردا، ئێستا دەوترێت لە ژێر بیناکەدا شکاوە، هەربۆیە بێ هیوا کراون لەوەی جارێکیتر ئەو بۆری ئاوە، ئاو بۆ نەخۆشخانەکە دابینبکات.

لەکفری کێشەی ئاو جیاوازترە، بە قسەی بەرێوبەری نەخۆشخانەکەی تارادەیەک باشە، بەڵام ئاوەکەیان سوێرە.

هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی شەهید خالید گەرمیانی لە کفری، لەبارەی بەکارهێنانی ئەو ئاوە بۆ خواردنەوە رایگەیاند: "لە بەشی داخلکردنی نەخۆش بەرادی ئاومان داناوە".

## 2-3. بەڕێوبەری ناوەندە تەندروستیەکان: لایەنە پەیوەندیدارەکانی ئاو هاوکاری تەندروستی ناکەن

دوای ئەوەی بۆ ماوەی زیاتر لە مانگێک هەریەکە لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار بەهۆی نۆژەنکردنەوەی تانکی ئاوی نەخۆشخانەیان بێ ئاو دەبن، نە سەرۆکایەتی شارەوانی کەلار هاوکاریان دەبێت و نە بەڕێوبەرایەتی ئاوی کەلار، ناچار بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان رۆژانە بە تانکەر ئاو بۆ دو نەخۆشخانەی دەکڕێت.

د. هاوار هۆشیار، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، جەختی لەمەکردەوە و وتی: "لە ماوەی کارکردن لە نۆژەنکردنەوەی تانکی نەخۆشخانەکە، پارەیەکی زۆرمان داوە بە تەنکەرە ئاو، هیچ لایەنێکی بەرپرس بۆی دابین نەکردین".

یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژاریش هەمان قسەی هەبو.

هەڵگورد محەمەد، ئەوەشی خستەڕو کە لە پێش دەستکردن بە نۆژەنکردنەوەی تەنکیەکە، شاروانی بەڵێنی دابینکردنی ئاوی پێداون، بەڵام دواتر بۆی دابیننەکردون.

تانکی ئاوی تایبەت بە نەخۆشخانەی گشتی کەلار و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار بەهۆی کۆنی و ناتەندروستی ئاوەکەیەوە بڕیاری گۆڕینی دراوە، تاوەکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە کارەکانی نۆژەنکردنەوەی بەردەوامی هەبو.

بەڵام تانکیەکان نەگۆڕاون، تەنها نۆژەنکراونەتەوە، د.هاوار هۆشیار هۆکاری ئەمە وابەستە دەکات بەوەی تانکیەکە خۆی هیچ کێشەیەکی نەبوە "لە تانکیە نوێکان کوالیتی باشترە، لەبەر ئەوە نۆژەنکردنەوەیەکی باشمان بۆکردوە و بۆ ماوەی چەندین ساڵی دیکە هیچ کێشەیەکی نابێت".

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، لەبارەی ئەم پرسەوە وتی: شارەوانی کەلار تەنها دەتوانێت ئاو بۆ باخچەکانی خۆی دابینبکات و رەنگە بەزەحمەتیش فریای ئەوان بکەوێت.

سەرۆکی شارەوانی کەلار لەبارەی ئەو گلەییانەی کە بەڕێوبەرانی تەندروستی خستویانەتەڕو لە بەرامبەر دابیننەکردنی تەنکەری ئاو لە کاتێکدا پێویست بوە بۆیان دابینبکرێت، ئاماژە بەوەدەکات: "ئیشی ئێمە ئەوە نیە ئاو بۆ دەزگاکانی حکومەت دابینبکەین".

ئەکرەم سالّح، ئاماژەی دا بەوەی کە شارەوانی خۆی گرفتی دابینکردنی ئاوی هەیە بۆ باخچەکان و رۆژانە بە بەردەوامی ئاو دەکێشین بۆ باخچەکان لە رێگەی ١١٠ تەنکەرەوە، هەربۆیە فریای شوێنی دیکە ناکەون ئاوی بۆ دابینبکەن.

هێمای بە جۆری ئەو ئاوەش کرد کە شارەوانی رۆژانە لە رێگەی تەنکەروە دەیهێنێت بۆ باخچەکانی: "ئەو ئاوەی ئێمە رۆژانە دەیهێنین لە سیروانەوە بێ فلتەرە بەکەڵکی نەخۆشخانەکان نایەن".

سەرۆکی شارەوانی کەلار نەشی شارەدەوە کە مایەی سەرسوڕمانە کە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان گلەییان لێدەکەن وتی: "ئەوەی لە توانامان بێت هاوکاریمان کردون".

یاریدەدەری بەرێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لەم راپۆرتەدا باسی لەوەکرد ئەو ئاوەی کڕیویانە بەشی تەنها نەخۆشخانەکەو پێداویستیەکانی کردوە بەشێکی نەمام و دارەکانی باخچەکەیان وشک بوە، لە کاتێکدا شارەوانیان ئاگەدار کردۆتەوە بۆ هاوکاریکردنیان.

لەسەر ئەم حاڵەتە ئەکرەم سالّح، وتی: "هەر جارێک بە تەلەفۆن ئاگەدار کرابێتمەوە بەشی باخچەکانم ئاگەدارکردوەتەوە لە ئاودانی دار هاوکاریان بکات".

لەبارەی گرفتی ئاودانی باخچەکان، د.سیروان محەمەد، رایگەیاند دەرخستەیان کردوە بۆ پرۆژەیەکی تایبەت بە سیستەمی ئاودان لە باخچەکانیان، بەڵام تێچوەکەی زۆرە.

وتیشی: "ئەگەر لایەنەکانی دیکەی پەیوەندیدار بەم کارەوە هاوکار بن دەتوانین سیستەمێکی زۆرباش بۆ ئاودانی باخچەکان دابین بکەین".

## 3-3. سەرچاوەی ئاوی ناوەندە تەندروستیەکان و چۆنیەتی پاکردنەوەی تانکی ئاوەکان

سەرچاوەی ئاوی ناوەندە تەندروستیەکان جیاوازە، بینای تەندروستی هەیە لەگەرمیان شارەوانی ئاوی بۆ دابینکردوە خۆشی بیری ئیرتیوازی هەیە، بەڵام بیناش هەیە تەنها بیری ئیرتیوازی هەیە.

نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب تەنها یەک بیری هەبوە، ئێستاش خەریکی خستنەکاری بیری دوەمن بۆ نەخۆشخانەکە، تێچوەکەشی بە وتەی بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە خێرخواز دابینی کردوە، ئاماژەی بەوەشکرد بە خستنەکاری کێشەی کەمی ئاوی نەخۆشخانەکە چارەسەر دەبێت.

نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار کە ئاو یەکێکە لە پێویستیە زۆر گرنگەکانی، کەچی کێشەی ئاو بەبەردەوامی روبەڕوی دەبێتەوە، یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکەیان رایگەیاند: "سەرۆکی شارەوانیەکانی گەرمیان بەڵێنی هەڵکەندنی بیرێکی ئیرتیوازی تایبەتی بۆ نەخۆشخانەکە پێداون".

چۆنیەتی پاکردنەوەی تانکی ئاوەکانیش بە وتەی بەڕێوبەری مەڵبەندێک ساڵانە پاکردنەوە بۆ تانکیەکان ئەنجام دەدەن.

سۆران کەریم، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی کفری وتی: "ساڵانە دوجار هەڵمەتی پاکردنەوەی تانکیەکانی مەڵبەندەکە ئەنجام دەدەین".

## 4 – 3. سیستەمی ئاوی بینا تەندروستیەکان وەک پێویست نیە

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گرفتی ئاوی دەزگا تەندروستیەکان دەکات بە دو بەشەوەو دەڵێت: "لە کاتی دروستکردنی بینا تەندروستیەکان رەچاوی ئەوە نەکراوە کە سیستەمێکی ئاوی پێویستی بۆ دابینبکەن".

نمونەی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیبی هێنایەوە کەلەکاتی دروستکردنی ئەو نەخۆشخانەیە رەچاوی ئەوە نەکراوە ئەمە بینایەکی خزمەتگوزارییە پێویستی بە ئاوی بەردەوام دەبێت، هەروەها باخی گەورەی دەبێت لە داهاتودا.

فەرمانگەکانی ئاو لە گەرمیانیش بە هۆکارێکی دیکەی گرفتەکانی ئاو دەزانێت: "فەرمانگەکانی ئاو ئەگەر هەیە ئێستا هۆکاری قەیرانبێت ناتوانن وەک پێویست هاوکاری ئێمەبکەن، بەڵام لەپێشوتردا کە ئەم کێشەیە کۆنە هۆکار بێ پلانی ئیدارەکانی ئەو بەڕێوبەرایەتیانە بوە".

لەبارەی چارەسەرەوە بۆ ئەک کێشانە، د.سیروان محەمەد، وتی: "ئێمە هەر خەریکی پینەوپەڕۆی ئەوانەی پێشوین، پلانیشمان ئەوەیە کە بەشێوەی یاسایی بیر لێدەدەین".

بۆ گرفتی ئاوی نەخۆشخانەی گشتی کەلار و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، بەڕێوبەری تەندروستی گەرمیان، ئاماژەی بەوەکرد: ئەو تانکی ئاوەی کە فەرمانگەی ئاوی کەلار ویستویەتی لایبەرێت، تەندروستی داواکاری کردوە کە بدرێتە تەندروستی گەرمیان، هەربۆیە ئێستا کاری نۆژەنکردنەوەی بۆکراوە، ئەمەش سەرچاوەیەکی زۆر باشی ئاو دەبێت بۆ ماوەی زیاتر لە ٢٠ساڵی داهاتو بۆ نەخۆشخانەی گشتی کەلار".

## 4. رێژەی سەوزایی و رێکخستنی باخچەی ناوەندەکانی تەندروستی لە گەرمیان

### 4-1. ناوەندە تەندروستیەکانی گەرمیان باخەوانیان نیە

ئەگەرچی بەشێک لە مەڵبەند و نەخۆشخانەکان هیچ گرنگیەکی ئەوتۆیان نەداوە بە باخچەو سەوزایی، بەڵام ئەو بەڕێوبەرانەی دیکە کە ژینگە و باخچە گرنگە بە لایانەوە، ناچارن بەهۆی نەبونی باخەوانەوە ئەو کارە بە ژینگەپارێزەکان بکەن.

د.بەناز جەلیل، وەک یەکێک لە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکانی گەرمیان جەختی لەوەکردەوە، نەبونی باخەوان کاریگەری راستەوخۆی کردوەتە بەشی باخچەکانی نەخۆشخانەکان، بەوەی بەشێوەی زانستی کاری تێداناکرێت و دیزاین ناکرێت بەشێوەی ئەندازەیی تاوەکو دیمەنێکی دڵگیر و جوان ببەخشێت.

کاری باخەوان رێکخستنی باخچەیە لەگەڵ ئەوەی رۆژانە کاری ئاودانی باخچەکە دەگرێتە ئەستۆ، ئەرکی خزمەتکردنی نەمام و درختەکانیشی لە ئەستۆدایە بەشێوەی زانستی بۆ ئەوەی لە فەوتاندن و وشک بون بیانپارێزێت.

بەڕێوبەری مەڵبەندی گوڵاڵە باس لەوەدەکات کە بەهۆی نەبونی باخەوانەوە ناچارە ئەو ئەرکە بەو دو ژینگەپارێزە بسپێرێت کە بە تەنسیب پێیان دراوە.

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ لە مەرجەکانیان لەگەڵ کۆمپانیاکان تێیدا هاتوە کە چەند کارمەندێکی دیاری کراو شارەزایان هەبێت لە باخداری، بەرپرسی بەشی گرێبەستەکانی تەندروستی گەرمیان، ئەنوەر حسێن، رایگەیاند: "خۆی دەبێت شارەزایان هەبێت لە کاری باخداری، بەڵام ئێمە بە کۆمپانیاکان دەڵێین سود لە کرێکارانی ساڵانی پێشوتر ببینەوە".

لە مەرجەکانی گرێبەستی ژینگەپارێز ئەوەیە کە دەبێت ئاودانی باخچەکان بگرنە ئەستۆ. د.سیروان محەمەد، باسی لەوەکرد ل"ەم چەند رۆژەدا بەهۆی وشکبونی هەندێک لە دارەکانی نەخۆشخانەیەک، کارمەندەکانمان بانگ کردوە لێپێچینەوەمان لەگەڵ کردون بەوهۆیەشەوە سزادەدرێن".

هۆکارەکەشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی کۆمپانیاکان بەوردی چاودێری کارەکانیان ناکات.

## 4-2. قسەی بەڕێوبەری ئەو ناوەندە تەندروستیانەی رێژەی سەوزاییان کەمە

نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی لە قەزای کفری ئەوەی تێدا بەدی دەکرێت گرنگی بە بەشی باخچەکەی نەدراوە لەگەڵ ئەوەی بەشێکی دیاریکراو لە نێو حەوشەی بیناکەدا بۆ باخچە دیاری کراوە.
لەبەرامبەر ئەمەدا هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە باسیلەوەکرد لە وەرزی نەمام چاندنی ئەمساڵدا بە هاوکاری شارەوانی کفری هەڵمەتێکیان بۆ سەوزکردنی باخچەی نەخۆشخانەکەو دەرەوەی بیناکەشیان ئەنجام داوە، ئێستا رۆژانە لە لایەن کارمەندانی ژینگەپارێزی نەخۆشخانەکەو خزمەتێکی باشدەکرێن و خۆیشی راستەوخۆ سەرپەرشتیان دەکات.

وتیشی: راستە لە پێشوتردا بەشی باخچە وەکپێویست گرنگیمان پێنەدابو، بەڵام ئێستا بەتەماین لە هەڵمەتی دیکەشدا سەوزتر و جوانتری بکەین.





**دو دیمەن لە باخچەکانی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی**

لەپێشوتردا نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار، بەهەمانشێوە هیچ سەوزاییەکی نەبو، ماوەی ساڵێک دەبێت یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە دەستی کردوە بەسەوزکردنی ئەو بەشەی کە بۆ سەوزایی گونجاوە، بەڵام بەهۆی نەبونی ئاو لە ماوەی زیاتر لە مانگێک لە نەخۆشخانەکە، بەشێکی ئەو باخچەیە وشک بون.

هەڵگورد محەمەد، لەبارەی وشکبونەوەی دارەکانەوە وتی: "ئەو تەنکەرە ئاوەی کە دابینمان دەکرد بۆ نەخۆشخانەکە، ئاوەکەی تەنها بەشی پێدوایستی نەخۆشخانەکەی دەکرد نەماندەتوانی وەکپێویست باخچەکەی پێ ئاوبدەین.



**دیمەنێک لە باخچەی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار**

نەخۆشخانەی گشتی کەلار بیناکەی ئەگەر بکرێت بە دەبەشەوە، یەک بەشی سەوزایی نابێت، بەرێوبەری نەخۆشخانەکەش وابەستەی دەکات بە نەبونی شوێنی سەوزایی، بەڵام چەند شوێنێکی کۆن و روخاو لەنێو نەخۆشخانەکەدا هەن کە لە چەند دیوارێکی روخاو زیاتر هیچ نین.

د.هاوار هۆشیار، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار وتی:"لەبەر ئەوەی بەشی زۆری بیناکە کراوە بە بەش و سەنتەر، شوێنی سەوزایی نەماوەتەوە، ئەوەشی کە هەیە ئەگەر داریشی تێدا بروێنین سودی نابێت، چونکە کۆنەو لە هەر ئانوساتێکدا ئەگەری روخانی هەیە".



**دیمەنێک لە پارچە سەوزایەکەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار**

## 3-4. ئەو بینا تەندروستیانەی باخچەی سەوزیان هەیە ئایا باخەوانیان هەیە؟

چەند بینایەکەی تەندروستی دیاریکراو لە گەرمیان گرنگیان داوە بە باخچەو سەوزایی ناوەندەکانیان، لە بەدواداچونەکانیشدا ئەوە دەردەکەوێت هەر بەڕێوبەرێک خۆی حەز و ئارەزوی بۆ سەوزایی باخچە هەبێت ناوەندەکەشی سەوز کردوە، لەبەر ئەوەی هەمو بەڕێوبەرەکان تاڕادەیەکی زۆر هەمان کێشەیان هەیە، بەڵام هەمویان وەک یەک بەشی باخچەو سەوزاییان پشتگوێ نەخستوە.

یەکێک لە مەڵبەندە تەندروسیەکانی گەرمیان لە قەزایی کفری باخچەی ناوەندەکەی بەشێوەیەکی ئەندازەیی ڕێکخستوەو سەوزکراوە.

سۆران کەریم، بەڕێوبەری مەڵبەندەکە هۆکاری ئەمەی بەستەوە بەحەزی زۆری خۆی بۆ سەوزایی و باخچە، بەڵام نەشیشاردەوە کەسێکیان بۆ دابینکردوە مانگانە خۆی و کارمەندەکانی مەڵبەندەکە هاوکاری مادی دەکەن ئەویش بەبەردەوامی خزمەتی باخچەکەیان دەکات.

لەبارەی خەرجکردنی پارە بۆ پێداویستیەکانی باخچەکەیان، جەختی لەوەکردەوە حکومەت هیچ برە پارەیەکی بۆ ئەم کارەیان خەرجنەکردوە.





**دو دیمەن لە باخچەکانی مەڵبەندی تەندروستی کفری**

د.بەناز جەلیل، بەهەمان شێوە نەخۆشخانەکەی جیاوازتر دەردەکەێت و ژینگەیەکی سەوزی هەیە، باسیلەوەکرد خۆی گرینگیدان بەژینگەو سەوزکردنی لەلا گرنگ و خۆشەویستە، هەربۆیە رەنگدانەوەی هەیە لە ناوەندە تەندروستیەکەیان.

ئماژەی بەوەشدا رۆژانە چەند کارمەندێکی ژینگەپارێزی داناوە بۆ ئەوەی خزمەتی باخچەکە بکەن، خۆیشی بە بەردەوامی چاودێریان دەکات، بەشی زۆری نەمام و درەختەکانی نەخۆشخانەکەش کە ئێستا سیمایەکی دڵگیری بە نەخۆشخانەکە بەخشیوە، لەلایەن بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەوە دابینکراوە.



**دیمەنی یەکێک لە باخچەکانی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب**

مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە بەهەمان شێوەیە، بەڕێوبەری مەڵبەندەکە هاوکارێکی تەواو بوە بۆ سەوزکردنی باخچەی مەڵبەندەکە، بەشێوەیەک یەکەم بەڕێوبەر بوە سیستەمیکی نوێی هێنایە بواری جێبەجێکردنەوە کە هەرخێزانێک منداڵێکیان بو دەتوانن نەمامێک بچێنن.

مستەفا رەشید، بەڕێوبەری مەڵبەندەکە وتی: "لەم مەڵبەندە کارمەندەکانیش بە چاندنی چەندین نەمام هاوکار بون بۆ سەوزکردنی باخچەکە و هەروەها کارمەندانی ژینگەپارێزیش رۆژانە کاری خزمەتکردنی دەگرنە ئەستۆ کە جێگەی دەستیان دیارە".

## 4-4. بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان: سەوزکردنی بیناکان کەوتوەتە دەست بەڕێوبەرەکان

سەوزکردنی باخچەکانی بینا تەندروستیەکان گرنگیەکی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لە نێو راپۆرتەکەدا دەبینین سەوزکردنی بینا تەندروستیەکان کەوتۆتە سەر حەزی بەڕێوبەرەکان، نەک تەندروستی گەرمیان ئەمەی کردبێت بە بەرنامەی کار بۆ بەڕێوبەرەکان.

د.سیروان محەمەد، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان، رایگەیاند: "کاری سەوزکردنی باخچەکان هەوڵێکی خودیە، بەڵام کە ئێمە بەڕێوبەری ئەو ناوەندانە دەڵێن ئێوە بۆ کاری سەوزکردنی بیناکانتان ناکەن؟ بیانوی نەبونی باخەوان و نەبونی کۆمەڵێک شت دەهێننەوە، ئەمەش دەریدەخات کە هەندێک بەڕێوبەر بەو پارە کەمەی کە هەیەتی لەگەڵ هەوڵەکانی خۆی بە وەرگرتنی هاوکاری لە کەسانی تر توانیویەتی کاری زۆر جوان بۆ ناوەندەکەی بکات".

وتیشی: "سوپاس وپێزانیانمان بۆ ئەو بەڕێوبەرانە کردوە کە کاری جوانیان کردوە بۆ باخچەکانیان".

## 4-5. رۆڵی شارەوانی لە دابینکردنی نەمام و خۆڵ بۆ باخچەی ناوەندە تەندروستیەکان

لە دو قەزاکەی گەرمیان هاوکاری شارەوانی بۆ ناوەندە تەندروستیەکان جیاوازە، لە کفری شارەوانی هاوکارێکی باشەو لە کەلار شارەوانی هاوکاری ناوەندە تەندروستیەکان ناکات.

بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی و بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی کفری لە بەشەکانی دیکەی راپۆرتەکە جەختیان لێکردەوە کە شارەوانی هاوکارێکی باشیان بوە و لەو کاتانەی کە پێویستیان بە هاوکاریان بوە لە پێدانی نەمام و خۆڵ و کەرەستەی تایبەت، بەدەمیانەوە هاتون.

سۆران کەریم، بەڕێوبەری مەڵبەندی تەندروستی کفری لە کاتی هۆکارەکانی بونی باخچەیەکی سەوز لە مەڵبەندەکەیان نەیشاردەوە کە شارەوانی قەزاکە هاوکاریان بوە بۆ هەندێک کەرەستەی تایبەت بەوان.

بەهەمان شێوە هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکەی کفری هاوکاری شارەوانی بۆ کارەکانیان خستەڕو.

لەکەلار ئەو هەماهەنگیە جیاوازترە، وەک یەکێک لە سەرپەرشتیارانی ژینگەپارێزی ناوەندێکی تەندروستی بۆی ئاشکرا کردین، چەندینجار بەڕێوبەری ئەو ناوەندە داوکاری بۆ سەرۆکی شارەوانی کەلار بەرزکردۆتەوە بۆ دابینکردنی خۆڵ و کەرەستەی باخچە، بەڵام هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە.

شیرین حسێن، سەرپەرشتیاری کارمەندانی ژینگەپارێز لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب، لەبارەی هاوکاری شارەوانیەوە بۆ نەخۆشخانەکەیان وتی:" تەنها جارێک نەبێت خۆڵێکیان بۆ هێناون ئەویش بەکەڵکی باخچە نەهاتوە".

## 4-6. بەڕێوبەرانی ناوەندە تەندروستیەکان چی دەڵێن دەربارەی لایەندە پەیوەندیدارەکان بە دابینکردنی نەمام

سەرجەم ئەو بەڕێوبەرانەی قسەیان بۆ یەکەی چاودێری کرد هێمایان بەوەکرد فەرمانگەکانی نەمام وبەشەکانی وەک پێویست هاوکاری نەکردون، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش دەڵێت: ئەوەی لە توانایان بوە هاوکارمان بون.

مستەفا رەشید، لەبەرامبەر هاوکاریەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ پێدانی نەمام، هێمای بەوەکرد وەک پێویست هاوکاری نەکردون، ساڵی پار ژینگەی گەرمیان ١٠ داری هەنجیر و ٢٥ داری هەناری پێداون.

لەبارەی دەستخستنی نەمامەکانی باخچەکەیانەوە، وتی: "لە دو شەتڵگە بە خێرخوازی ٣٠٠ گوڵەباغ و ١٠٠ داری ئەلبیزیا و ٧٥ داری نارنجیان پێدواین".

د.بەناز جەلیل، بەهەمان شێوە جەختی لێکردەوەو وتی:"ماوەی ٢ ساڵ بۆ ٣ ساڵ ئەبێت دەستمان کردوە بە زیادکردنی رێژەی سەوزایی، ژینگەی گەرمیان لەسەر داوکاری خۆمان (٦٠-بۆ ٧٠) نەمامی پێداوین".

هۆکاری ئەوەشی پشت بە دار و نەمامی فەرمانگەکانی دیکەی پەیوەندیداری حکومی نابەستن بۆ سەوزکردن، وتی: لەبەر ئەوەی ئەوان ئەو دارو نەمامانەی پێیان دەدەن قەڵەم تۆزن یاخود دارێکن گونجاو نین بۆ باخچە.

پێچەوانەی وتەی بەڕێوبەرانی دیکە، بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیانیش لەمبارەیەوە وتی: بەشی نەمامگەی کشتوکاڵی گەرمیان و لایەنەکانی دیکە بە گوێرەی پێویست هاوکاریان بون.

### 4-7. سەرۆکی شارەوانی کەلار: ئەو نەمام و خۆڵەی بۆ ناوەندەکانی دەنێرین هەر ئەوەش بۆ خۆمان بەکاردەهێنین

لە وەرزی نەمام چاندن دەزگاکان نوسراو دەکەن بۆ شارەوانی بۆ پێدانی خۆڵ و دەهلەی تایبەت بۆ باخچەکانیان، سەرۆکی شارەوانی کەلار لەبارەی گلەیەکان لە جۆری ئەو خۆڵەی دابینی دەکەن بۆ دەزگاکانی تەندروستی ئاماژەی بەوەکرد، ئەمان وەک شارەوانی هەمان ئەو خۆڵ و نەمامانە بەکاردەهێنن کە دەینێرن بۆ ئەوان.

وتیشی: "شارەوانی خۆی ئەو خۆڵ و دەهلەیە دەکڕێت، ئێمە ئەوەی گرنگە بۆ شارەوانی دروستکردنی باخچەیەکە لە گەڕەکێک نەوەک لەناو دەزگایەک، بەڵام ئەوەی لە توانامان بێت هاوکاریمان کردون".

لەسەر جۆری نەمامەکانی شارەوانی کە دابینی دەکەن بۆ ناوەندە تەندروستیەکان، ئەکرەم ساڵح، وتی: "هەر دەزگایەک هاتبێت لێرە داواکری هەبوبێت بۆ نەمام درێخیمان نەکردوە، ئەگەر نەشبێت دارستان و پاوان هاوکاری کردون".

بۆ جۆری نەمامەکان ئەوەی خستەڕو کە ئەو نەمامانە هەڵدەبژێرن کە بەرگەی گەرمای ناوچەکە بگرێت، وەک (ئەلبیزیا، واشنتۆنیا، دەدۆنیا) لەگەڵ چەندین جۆری دیکە.

## 5. پاکوخاوێنی لەناوەندە تەندروستیەکان

### 5-1. دروستکردنی خواردن و گرفتەکانی

شوێنەکانی دروستکردن خواردن لە چێشتخانەی تایبەتی نەخۆشخانەکان، بە پێی مەرجی گرێبەستی تەندروستی لەگەڵ کۆمپانیاکانی دروستکردنی خۆراک دەبێت تەواوی پێداویستیەکانی تایبەت بە چێشتخانە لە ئەستۆبگرێت، لە نەخۆشخانەی گشتی کەلار و نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار چەندینجار رەخنەی ئەوە هەبوە کە خۆراکەکانیان ناتەندروستن یاخود بە شێوازێک لێدەنرێت گونجاو نیە.
لەبەرامبەر ئەم رەخنانەدا ئەنوەر حسێن، لێپرسراوی بەشی گرێبەستەکان لە بەڕێوبەرایەتی گشتی تەندروستی گەرمیان وتی :"دو لیژنەی چاودێریمان هەیە بەدوداچون دەکەن بۆ کەموکورتیەکان، بەڵام لیژنەی چاودێریی دیوانی تەندروستی گەرمیان رەنگە نەتوانێت بەبەردەوامی دەرچونی هەبێت بۆ ئەو شوێنانە، هەربۆیە دەسەڵاتی تەواومان داوە بە بەڕێوبەری نەخۆشخانەکان".

د.هاوار هۆشیار، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، وتی: "بەدواداچونم بۆ چێشتخانەی نەخۆشخانەی گشتی کردوە، ئەگەرچی ئەو دەسەڵاتەشیان نەداوە بەمن کە دەوترێت، بەڵام ناچارم کردون کە لیستی خواردنەکانیان بگۆڕن لەگەڵ شێوازی لێنانیدا، چونکە ئەوەی لە پێشوتردا لێدەنرا زۆر ناتەندروست بو".

لە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی چێشتخانەی نەخۆشخانەکە براوەتە دەرەوەی بیناکە، بۆ لەبەرچاوگرتنی پاک و خاوێنی زیاتر و کەمبونەوەی مەترسی لەسەری.

بەڵام مەڵبەندە ٢٤ کاتژمێرەکەی قەزای کفری کێشەی نەبونی چێشتخانەیان هەیە، بەوەی ڕۆژانە دەبێت کارمەندی ئێشکگر لەمەڵبەندەکەوە بڕۆنە نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی بۆ هێنانی خواردن.

لەبارەی ئەوەی تاچەند شوێنی خواردن دروستکردنی نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب بۆ ژنان و منداڵبون گونجاوە؟ د. بەناز جەلیل، وتی:" تاڕادەیەک باش و گونجاوە و خراپ نیە بۆ ئێستا ".



**دیمەنێک لە چێشتخانەی نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی**

## 5-2. بەکارهێنانی کەرەستەکانی پاککەروە

پاککەرەوەکان لەسەر خواست و پێداویستی نەخۆشخانەکان دابیندەکرێت بۆیان، هەربۆیە بەرێوبەرانی نەخۆشخانەکان رەزامەندن لە کوالێتی ئەو پاککەرەوانەی بەکاردێت لە کاری پاککردنەوەدا.

د.هاوار هۆشیار، بەرێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، ئەوەی خستەڕو هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ ئەو مادانەدا نیە کە کۆمپانیانی پاکەرەوە دابینی دەکات.

لەگەڵ ئەمەشدا د.بەناز جەلیل، رای وابو کوالێتی مادەکانی پاککردنەوە، باشن نەوەک زۆرباش.

لە نەخۆشخانەکان مادەکانی پاککەرەوە لەسەر خواستی بەڕێوبەران دابیندەکرێت لە لایەن کۆمپانیاکانی پاککەرەوە، بەڵام لە مەڵبەندەکان بەمشێوەیە نیە، بەڵکو لە لایەن لیژنەی کڕین لە مەڵبەندەکان دەکڕدرێت.

ئەنوەر حسێن، لێپرسراوی بەشی گرێبەستەکان لە بەڕێوبەرایەتی تەندروستی گەرمیان، ئەوەی خستەڕو: "نەخۆشخانە هەیە پێویستی بەتایت هەیە یان پێویستی بە جۆرێک دیتۆڵ هەیە بۆیە ئێمە لەسەر پێشنیاری بەڕێوبەرەکان کۆمپانیاکانی پاکنەرەوە رادەسپێرین بۆ کڕینی مادەکانی پاککەرەوەو بڕەکەشی هەر لەسەر داوای ئەوان دەبێت".

## 3-5. ڕای هاوڵاتیان لەسەر ژینگەو پاکوخاوێنی ناوەندە تەندروستیەکان

هاوڵاتیان لەسەر پاکوخاوێنی ناوەندە تەندروستیەکان بەگشتی پێیانوایە گرنگی بە پاکوخاوێنی دراوە تاڕادەیەکی باش، بەڵام هەندێک هاوڵاتی گلەیی هەیە لەسەر پێداویستیەکانی تەوالێت (W.C).

هەوری جەلال، لەمبارەیەوە رەخنەی ئەوەی هەیە لە نەخۆشخانەکان کە لە تەوالێتەکانیدا کلێنس و شامپۆی تایبەت بە پاکردنەوەی دەستی تێدانیە.

ئاسۆ عەلی، بەهەمان شێوە ڕەخنەی ئەوەی هەیە لە تەوالێتەکان کە نەخۆش پشکنینی میز دەکات شوێنێکی تێدانیە نمونەی وەرگیراوی میزەکەی لەسەر دابنرێت تاوەکو دەستیان بشۆن، هەربۆیە ئەمە بە کەموکورتیەکی دیار دەخاتە رو لە تەوالێتی نەخۆشخانەکان.

هەندێک هاوڵاتی دیکەش گلەی ئەوەیان هەبو کە زۆرجار توشی دڵتێکەهەڵاتن بون هێندە تەوالێتەکان پیسبون، بەڵام بە کۆی هاوڵاتیانی دیکە کە یەکەی چاودێری لەگەڵیان دواوە، ڕایان وابو کە بەشێوەیەکی باش ناوەندە تەندروستیەکان پاکوخاوێنن.

## 4-5. بەڕێوبەرەکان گلەیان لە هاوڵاتیان هەیە لەسەر پاک و خاوێنی

لە سەر قسەی هاوڵاتیان و گلەییەکانیان، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی گشتی کەلار، دەڵێتڵ ئێمەش گلەییمان لە هاوڵاتیان هەیە کە بەرپرسیاریەتیان نیە و هەندێک نەخۆش هۆکارن کە بە بەردەوامی تەوالێتەکان پاکدەکرێنەوە، بەڵام هەر پیسی دەکەن.

بەڕێوبەری مەڵبەندی گوڵاڵە، لەبارەی پاکوخاوێنی تەوالێتەکانی مەڵبەندەکەوە رایگەیاند: ڕۆژانە خۆی چەند جارێک سەردانی دەکات و لەگەڵ بەشەکانی دیکەدا بۆ ئەوەی دڵنیاببێتەوە لە پاکوخاوێنیان.

لەبارەی هۆکاری ئەوەی هاوڵاتی هەندێکجار گلەی لە پیسی بیناکان دەکات، بەڕێوبەری نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی وابەستەی دەکات بە کۆنی بیناکان.

دەڵیت: "رۆژانە دوجار نەخۆشخانەکە هەموی پاکدەکرێتەوە و بەشی فریاکەوتنی نەخۆشخانەکەش سێجار پاکدەکرێتەوە".

یاریدەدەری بەڕێوبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی شەهید هەژار لە بارەی چۆنیەتی پاککردنەوەی نەخۆشخانەکەوە وتی: رۆژانە سێ جار پاکدەکرێتەوە، هەرکاتێکیش پێویست بکات پاکدەکرێتەوە کرێکاری تایبەتیان لە هۆڵی فریاکەوتن داناوە بەردەوام پاکی دەکەنەوە.

لە نەخۆشخانەی شەهید شێرەی نەقیب نەوەک تەنها رۆژانە، بەڵکو پاکردنەوەی مانگانەشیان هەیە کە تەواوی بیناکە دەشۆردرێت و پاکدەکرێتەوە.

## 6. پاشماوە پزیشکیەکان

### 6-1. پاشماوە پزیشکیەکان چین؟

بەپێی پێناسەکردنی ئاژانسی پاراستنی ژینگەی ئەمریکا (EPA)، پاشماوە پزیشکییەکان بریتین لە: (هەر پاشماوەیەکی دەرچو لەدامەزراوەیەکی چارەسەرکردنی پزیشکی وەک: نەخۆشخانەو تاقیگەو نۆرینگە پزیشکییەکان و ئەوانی هاوشێوەیان).

پاشماوەی نەخۆشخانەکان لەوانەیە لەچاو پاشماوەی گشتی شاردا لەبڕدا کەم بێت، بەڵام لەجۆردا زۆر ترسناکە. دەکرێت ئاماژە بەوە بدەین کە پاشماوەی نەخۆشخانەکان دەشێت بەم جۆرە پۆلێن بکرێن: پاشماوە ئاساییەکان (وەک: خواردەمەنی، کاغەز و کارتۆن)، مادده بەکارهاتووەکان (وەک: قوتوی دەرمان، پلاستەر، لۆکە و شوشە، سرنج و چەقۆ)، پاشماوەی نەشتەرگەری (وەک: پارچەی بڕاو لە لەش، پێست، خوێن، قژ، ئێسقان و ماددەکانی دوای نەشتەرگەری وەک کیسەی پلاستیکی و ماددەی تاقیگەکان و.. هتد)، پاشماوەی پشکنین و دەرخستن (وەک ماددەی وێنەگرتن و تیشکی ئێکس)، دەرمانی ماوە بەسەرچو یان گەڕاوە (گیراوەی ماوە بەسەرچوو).

## 6-2. لە ناوەندە تەندروستیەکان سەتڵی خۆڵ جیانەکراوەتەوە

کۆمپانیاکانی پاککەرەوەی ناوەندە تەندروستیەکان هەڵنەساون بە جیاکردنەوەی پاشماوەکان لەسەر بنەمای جۆرەکەیان کە وەک لە خاڵی یەکەم دا ئاماژەمان بۆ کردوە، بەڵکو هەمو جۆرە پاشماوەیەک دەچێتە ناو یەک سەتڵەوە.

لێپرسراوی بەشی گرێبەستەکان لە تەندروستی گەرمیان رایگەیاند هۆکارەکەی ئەوەیە ئەگەر لە نێو نەخۆشخانە پاشماوەکان جیا بکەنەوە، دواتر کۆمپانیاکانی پاککەروەی شارەوانی تێکەڵی دەکاتەوە.

لەبارەی ئەوەی لە ئێستادا پرۆژەیەک لە شارەکانی هەرێم دەخرێتە بواری جێبەجێکردنەوەی کە جیاکردنەوەی سەتڵی خۆڵە و کۆمپانیانی تایبەت بەو بوارە دەستبەکاربوە بۆ جیاکردنەوەی پاشەڕۆکان. ئەنوەر حسێن، وتی: "بەدڵنیاییەوە ئەگەر ئەو کۆمپانیایانە دەستبەکار بنو ئێمە لایەنی پەیوەندیدار ناچار بەدانانی سەتڵی جیاواز دەکەین".

## 6-3. چۆنیەتی لەناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان لە گەرمیان

دەوترێت پاشماوەی نەخۆشخانەکان ترسناکترین جۆری پاشماوەکانی خۆڵ و خاشاکن، کەواتە دەبێت بزانین لە گەرمیان ئەو پاشماوانە چۆن لە ناودەبرین؟ ئایا بوەتە مایەی مەترسی بۆ سەر ژیانی دانیشتوانی ناوچەکە؟

لە ناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان لە گەرمیان بەوتەی شارەزایانی ئەو بوارە، مەترسیدارە و هۆشداری دەدەن لە شێوازی لەناوبردنی و بەیەکێک لە سەرچاوەکانی بڵاوبونەوەی ڤایرۆس و بەکتریای مەترسیدار لە ناوچەکە ناوزەندی دەکەن.

لێپرساوی تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار، لەمبارەیەوە باسی لەوەکرد ئەو شێوازەی ئێستا بەکاردەهێنریت بۆ لەناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان لە گەرمیان، زۆر کۆنە.

ئەیاد محەمەد، بەمشێوەیە باسی لەناوبردنی پاشماوەی خوێنی هەڵگری ڤایرۆس کرد لە گەرمیان: "تاوەکو ئێستا بۆ لەناوبردنی پاشەڕۆی ئەو شیکارییە خوێنانەی کە هەڵگری ڤایرۆسن، دەکرێنە ناو بۆکسی تایبەتەوە کە لەلایەن تەندروستی عێراقەوە نێردراوە، دواتر شارەوانی ئەم بۆکسانە لەگەڵ خۆڵ و خاشاکی ماڵان فرێ دەدات".

لەبارەی ئەوەی ئایا تاچەند ئەم بۆکسانە ڕێگرن لە بڵاو بونەیوەی ڤایرۆس و بەکتریا؟ وتی: ئەو بۆکسانە تاڕادەیەک ڕێگرن، بەڵام باشترین چارەسەر بونی کورەی تایبەتە بۆ لەناوبردنیان.

لە ناوەندە تەندروستیەکان سەتڵی خۆڵ جیانەکراوەتەوە بۆپاشماوە جیاجیاکان ئەوەی کە هەیە (Safety Box)ـە لە تاقیگەو سەنتەری ددان بەکاردێت بۆ پاشماوەی سرنج و شوشەی دەرزی و بڕەر.




**دیمەنێک لە (Safety Box) لە تاقیگەی نەخۆشخانەی گشتی کەلار**

پاشماوەی پزیشکی لە گەرمیان لەگەڵ تەواوی پاشەڕۆی ماڵان و کارگەکان لە شوێنێکی دور لە شار دەخرێتە ژێر خۆڵەوە بە قوڵی چەند مەترێکی کەم و تەواوی ئەو پاشماوە پزیشکیانەشی تێدایە کە هەڵگری ڤایرۆس و بەکتریان.
تەنها نەخۆشخانەی شەهید خالید گەرمیانی نەبێت بەم شێوازە پاشماوە پزیشکیەکان لەناو نابات.
هێمن محەمەد، بەڕێوبەری نەخۆشخانەکە، ئاماژەی بەوەکرد: "لە نەخۆشخانەکە کورەیەکی کۆنی ساڵی هەشتاکانمان هەیە، بەهەر جۆرێک بێت بەو کورەیە پاشەڕۆکان لەناو دەبەین".

## 6-4. شارەزایان هۆشداری دەدەن لە مەترسیەکانی پاشماوە پزیشکیەکان لە گەرمیان

پسپۆڕێکی ژینگە باس لەوەدەکات فرێدانی پاشەڕۆ پزیشکیەکان چەندین مەترسی هەیە، لەوانە پیسبونی ژینگەو بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی مەترسیدار و بەکتریا بەهۆی تێکەڵبونی لەگەڵ ژینگە و سروشتی ناوچەکە، پێشیوایە ئەم شێوازەی کە ئێستا لەگەرمیان پەیڕەو دەکرێت تەواو مەترسیدارە.
د. دورەید سەلیم، بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگەی گەرمیان، دەڵێت: "مەترسیدارترین ڤایرۆس کە لە رێگەی پاشماوەی خوێنی هەڵگری ئەو ڤایرۆسە بگوازرێتەوە ڤایرۆسی جگەرە، کە ساڵانە چەندین کەس بەمهۆیەوە گیان لەدەست دەدەن، کەچی لە گەرمیانیش تائێستا ئەو خوێنانەی کە هەڵگری ئەو ڤایرۆسەن بە زانستی لەناو نابرێن بۆ ئەوەی نەگوازرێتەوە بۆ کەسی دیکە".
وتیشی: "ئەگەر کوورەی تایبەتی بۆ سوتاندنی پاشماوە پزیشکیەکان دابینبکرێت، هەر نازانستیە ئەگەر لەو جۆرە کوورانە بێت کە دوکەڵەکەی فیلتەر ناکرێت، چونکە هەندێک مادە هەیە سەدان ساڵی دەوێت بۆ لەناوچونی تەواوی لە زەوی، بەڵام بەسوتاندنی راستەوخۆ تەواوی ئەو زیانانەی کە بەچەند ساڵێک تیکەڵ بەژینگە دەبێت ئەوکات بە چەند کاتژمێرێک لەناو هەوای ناوچەکە بڵاو دەبێتەوە".

## 6-5. چۆن دەتوانین پاشماوە پزیشکیەکان بە بێ مەترسی لەناوبەرین؟

بەڕێوبەری فەرمانگەی ژینگە وەک پسپۆڕێکی ئەو بوارە، لەبارەی باشترین رێگا کە پاشماوە پزیشکیەکان بەبێ دروستکردنی مەترسی ژینگەیی لەناوببرێن، وتی: "باشترین و زانستی ترین رێگا لە ئێستادا کە لەوڵاتانی پێشکەوتو بەکاردەهێنرێت بریتیە لەخاوێنکردنەوەی هەڵمی (AUTO CLAVE) کە بەگەرمی و پاڵەپەستۆی هەڵم ئەو پاشماوانە لەناو دەبات، بەمهۆیەش ماددەی دایۆکسینی مەترسیداریش دروست نابێت کە لە سوتانی پاشماوەکان لەکوورە دروست دەبێت".

ئەمە لە کاتێکدایە لە گەرمیان بەڵینی دابینکردنی کوورەی(مەحرەقە) تایبەت بە لەناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان درا، بەڵام پاش تێپەڕبونی ماوەیەکی زۆر، تاوەکو ئێستا دابین نەکراوە.

## 6-6. دابینکردنی ئامێری لەناوبردنی پاشماوە پزیشکیەکان لە گەرمیان بە کوێ گەشتوە؟

بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان باسیلەوەکرد لیژنەیەک بۆ کڕینی کوورە(مەحرەقە) پێکهێنراوە و نوێنەری گەرمیانی تێدایە، بەڵام تاوەکو ئێستا دابین نەکراوە.

ئەو لیژنەیە لەلایەن جێگری سەرۆکی حکومەتی کابینەی پێشوی هەرێم پێکهێنرا بڕیار بو راستەخۆ جێگری سەرۆکی حکومەت سەرپەرشتی کاری لیژنەکە بکات، کەواتە ئەو پرسیارە دێتە پێش ئایا ئەو ئامێرەی بڕیار وایە دوای چەندین ساڵ بەڵێن دان بۆ دابینکردنی هەمان ئەو ئامێرەیە کە دوکەڵێکی پڕ مەترسی هەیە یاخود ئامێرێکی پێشکەتوە وەک شارەزاکەی ژینگە خستیەڕو؟

د.سیروان محمەد، وتی: "بڕیار وایە ئەو ئامێرەمان بۆ دابین بکەن کە دوکەڵە خراپەکەی هەیە".

لەبارەی ئەوەی ئاخۆ تەندروستی گەرمیان تاوەکو کەی چاوەڕی دەکات پاشەڕۆ پزیشکیەکان لە بڵاوبونەوەی مەترسیە تەندروستیەکان بۆ دانیشتوانی گەرمیان بەردەوام بێت؟ بەڕێوبەری گشتی تەندروستی گەرمیان جەختی کردوە ئەگەر تاوەکو سێ مانگی دیکە کوورەی تایبەت بۆ گەرمیان دابیننەکرێت ئەوا خۆیان دەیکڕن، بەڵام پارەی ئامێرەکانی دیکەیان نیە.

## بەشی سێیەم: راسپاردە

**یەکەم: پاککردنەوە**

1. نەخۆشخانەکانی سنورەکە کێشەیەکی ئەوتۆی پاککردنەوەیان نیە، بەوهۆیەی کۆمپانیای تایبەتمەند ئەو کارە دەکەن، هاولاتیانیش لەو روەوە تێبینیەکی زەقیان نیە، بەلام لەناوەندە تەندروستیەکانی دیکە، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە، چونکە هەم پاکەوانی پێویستیان لەبەردەستدا نیە، هەم ئامێری گونجاو. پێویستە لایەنە پەیوەندیدارەکان خەمێک لەم روەوە بخۆن و پێداچونەوەیەک بکەن.

2. لیژنەکانی بەدواداچون و چاودێریی کاری پاککردنەوەی ناوەندە تەندروستیەکان، پێدەچێت کارەکانیان بە باشی ئەنجام دابێت، چونکە هیچ تێبینیەکی زەق لەبارەی کاری پاککردنەوە لە نەخۆشخانەکان دا لە ئارادا نیە، هاوکات لەکاتی بونی سەرپێچیشدا لێپێچینەوە کراوە. ئەم خاڵە دەبێت بەردەوامی پێبدرێت و بونی ئەو لیژنانە گرنگ و زامنکەری مانەوەی خزمەتگوزارییەکانی پاککردنەوەن بە ئاستێکی باش.

**دوەم: ئاو**

1. زۆرینەی رەهای نەخۆشخانەکان سیستەمی ئاویان کۆن و نەشیاوە، لە دەرەنجامی ئەم راپۆرتەوە بەوەدەگەین کە هیچ پلانێکی ورد لە دانانی سیستەمی ئاو و ئاوەڕۆی ئەو نەخۆشخانە و ناوەندە تەندروستیانەدا نیە، ئەم خاڵەش زۆر گرنگە رەچاو بکرێت بۆ پرۆژەکانی داهاتو و هەمان هەڵە دوبارە نەکرێتەوە.

2. بەشێکی کێشەی ئاو پەیوەندی بە کێشەی کۆنی بیناکانەوە هەیە، بۆیە ئەگەر بیناکان نۆژەن ناکرێنەوە، لانیکەم دەتوانرێت سیستەمی ئاوی بیناکان نۆژەن بکرێنەوە و بەدیلیان بۆ دابنرێت، بۆ ئەوەی روبەڕوی کێشەی بێئاویی نەبنەوە وەک لە نەخۆشخانەکانی کەلار و فریاکەوتن رویاندا.

3. پێویستە ناوەندە تەندروستیەکان بەتایبەتی نەخۆشخانەکان و ئەوانەی خزمەتگوزاریەکانیان 24 کاتژمێرییە، جگە لە ئاوی دابەشکراوی پرۆژەی پالاوگەی ئاوی کەلار، بیری ئیرتیوازیشیان هەبێت، بۆ ئەوەی لەکاتی بونی کێشە لە ئاوی پرۆژەدا، سود لەو بیرە وەربگیرێت و بەکار بهێنرێت، بۆ ئەوەی ناوەندەکان بێئاو نەبن. لە هەمانکاتیش دا پشتبەستن تەنیا بە ئاوی بیر و هەڵکەندنی زیاد لە بیرێک، جگە لەوەی بە فیرۆدانی سامانی ئاوی ژێر زەوییە، هاوکات هەنگاوێکی زامنکراویش نیە، واباشە هەمو ناوەندێک دو چەشن سەرچاوەی ئاوی جیاوازی هەبێت، بۆ ئەوەی لەکاتی نەمانی یەکێکیان دا بەوەکەی تر قەرەبوی بکاتەوە.

4. لە ئەنجامی ڕاپۆرتەکەماندا بەوە گەیشتین کە تەنسیق و هاوکاری دەزگا خزمەتگوزاریەکان زۆر سست و لاوازە، ئەمەش وایکردوە گلەیی و ڕەخنەیان لە یەکتری هەبێت، لەمەشیاندا قایمقامیەتەکان بەرپرسن، چونکە ئەوان چەتری کۆکردنەوەی فەرمانگەکانن و دەبێت لە ڕێگەی ئەوەوە هەماهەنگی دروست بکرێت لەنێوان فەرمانگەکان و هاوکاریی هەبێت بۆ ئەوەی کێشەکان نەوەستێت.

5. تانکیەکانی ناوەندە تەندروستیەکان، پێویستە بکرێت بە بەرنامە کە ساڵی جارێک بۆ 2 جار پاکبکرێنەوە، بۆ ئەمەش دەبێت تەندروستی گەرمیان نوسراو بگشتێنێ بۆ ئەو ناوەندانە و لیژنەی بەدواداچونیش پێکبهێنێت، یاخود دەتوانێت گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا و کەسانی تایبەتمەند دا بکات بۆ ئەنجامدانی ئەو پاککردنەوانە بەگشتی، بەوپێیەی ڕەنگە ناوەندەکان خاوەنی کارمەند و شارەزایی ئەوتۆ نەبن.

**سێیەم: سەوزایی**

1. ڕێژەی سەوزایی لەناوەندە تەندروستیەکان جیاوازن، لەهەندێک ناوەند باش و لەهەندێکی دیکەدا خراپن، ئەگەرچی هەمو ناوەندەکان شوێنی باخچە و نەمام ناشتنیان تێدایە، بەگشتیش بەو دەرەنجامە گەشتوین کە ئەم بابەتە هێندە گرنگ نیە بەلای ناوەندە تەندروستیەکانەوە.

2. دەبێت تەندروستی گەرمیان پلانێکی هەبێت، کە ساڵانە فەرزی بکات لەسەر ناوەندەکانی لە ڕۆژە جیهانیەکان و بۆنە جیاوازەکان دا نەمام بچێنن و پارێزگاریشی لێبکەن، بەمەش لەماوەی چەند ساڵێکدا ناوەندە تەندروستیەکان لە سەوزایی دا دەگەشێنەوە.

3. هەندێک ناوەند دەستپێشخەریی زۆریان هەبوە بۆ سەوزکردن، وەکو مەڵبەندی تەندروستی سەرەکی کفری کە بەهاوکاری خۆبەخشان نەمامی چاندوە، یان مەڵبەندی تەندروستی گوڵاڵە کە دەرگای کردوەتەوە هەر خێزانێک منداڵی دەبێت دەتوانێت بەناوی منداڵەکەیەوە نەمامێک بچێنێت لە باخچەی مەڵبەندەکەدا، پێویستە ئەم دەستپێشخەریانە بەهەند وەربگیرێت و هان بدرێت لە ڕێگەی فەرمیەوە.

4. تەندروستی گەرمیان دەتوانێت ساڵانە هەڵمەتی سەوزکردن ئەنجام بدات و وەکو بۆنەیەکی لێبکرێت، لەوەدا هەموان بەشدار بن و بەماوەیەکی کەمیش بەرهەمی دەبێت.

5. لەنەمام چاندن گرنگتر، پارێزگاری لێکردنیانە، لەهەندێک ناوەند بەهۆی کێشەی کەمئاویی و گرنگیپێنەدانەوە، نەمام و سەوزاییەکان لەناوچون، بۆ ئەمەش دەبێت دەزگاکان وردتر ئاگادار بن و هەوڵبدەن حاڵەتی لەوشێوەیە دوبارە نەبێتەوە.

6. زۆرینەی ناوەندە تەندروستیەکان کێشەی کەمیی یان نەبونی باخەوانیان هەیە، پێویستە خەمێک لەم روەوە بخورێت، ئەگەر فەرمانبەری هەمیشەیی یان گرێبەستی بۆ دابنرێت باشترە، ئەگەرنا دەتوانرێت ساڵانە برێک پارە لە بودجەی هەر دەزگایەک دابنرێت بۆ هەقدەستی باخەوان، کە هەفتانە و بەپێی گرێبەستێکی دیاریکراو سەردانی ئەو ناوەندانە دەکات و گرنگیی بە باخچەکان دەدات. بۆ مەسەلەی ئاودێرکردنی باخچەکانیش، دەکرێت فەرمانبەران بەپێی خشتەیەک بەو کارە هەستن.

7. پەیوەندی نێوان دەزگاکانی تەندروستی و دەزگاکانی دیکە لە بابەتی سەوزکردن دا جیاوازە، هەندێکیان باش و هەندێکی دیکەیان خراپن، دەکرێت بۆ ئەم پرسە پەیوەندیەکان پتەو بکرێن، بۆ ئەوەی سود لەو دەزگایانە وەربگیرێت بە دابینکردنی نەمام، یان ئەنجامدانی هەڵمەتی چاندن لە ناوەندە تەندروستیەکان.

**چوارەم: پاکوخاوێنی**

1. پاکوخاوێنی ناوەندەکان تاڕادەیەکی زۆرباش ڕەچاو کراوە، بەڵام دەبێت لیژنەی بەردەوام هەبێت بۆ بەدواداچونی ئەم بابەتە و هەوڵی باشترکردنی بدرێت.

2. دەبێت بەدواداچونێکی وردتر هەبێت لەسەر چێشتخانەکان و کۆمپانیای دروستکردنی خواردن، بۆ ئەوەی بەپێی ستاندارد و بنەما تەندروستیەکان خواردن ئامادە و پێشکەش بکەن.

3. دابینکردنی شامپۆی دەست شتن و کلێنس ئەرکە لەسەر کۆمپانیای پاککەرەوە و نابێت ئەم کەموکورتیە چاوپۆشی لێبکرێت، نەخۆشەکانیش گلەی زۆریان بۆ نەبونی ئەم کەرەستانە هەیە.

4. شوێنی دانان یاخود و راگرتنی نمونە (سامپڵ) لە تەوالێتی نەخۆشخانەکان پێویستە و دابینکردنیشی ئاسانە.

5. پێویستە رێنمایی پێویست بە هاوڵاتیان بدرێت چ بە هەڵواسینی پۆستەر و ئاگادارکردنەوە، چ لەرێگەی دەزگاکانی راگەیاندن، بەمەبەستی پاراستنی پاکوخاوێنی ناوەندە تەندروستیەکان و بەتایبەت شوێنەکانی سەرئاو و ئاوخواردنەوە و ...هتد.

**پێنجەم: پاشماوە پزیشکیەکان**

1. زەقترین و مەترسیدارترین کێشەی ناوەندە تەندروستیەکان، لەناوبردنی پاشماوە پزیشکییەکانن، بەتایبەتی پاشماوە مەترسیدارەکان، بۆ ئەمەش هیچ چارەسەرێکی تر نیە جگە لە دابینکردنی ئامێری پێویست بە سوتاندن و لەناوبردنی ئەو پاشماوانە. ئەگەرچی حکومەت بەڵێنی دابینکردنی ئامێرێکی هاوشێوەی دابو، بەڵام تائێستا بەجێنەهێنراوە، ئەم کارەش زۆر مەترسیدارە و چیتر ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت.

2. زۆر گرنگە لەناوەندە تەندروستیەکان دا پاشماوەکان بەپێی جۆرەکانیان جیابکرێنەوە و کەرەستە مەترسیدار و سامپڵ و بابەتەکانی تر کە مەترسی گواستنەوەی نەخۆشیان هەیە جیابکرێنەوە، هەر بەو جیاکارییەش بدرێت بە کۆمپانیاکانی کۆکردنەوەی خۆڵ و خاشاک و لە جێگەی جیاواز لەناویان ببەن و تێکەڵ بەوانی تری نەکەن، ئەمەش لە غیابی نەبونی کوورەی لەناوبردنی پاشماوەکان دا.

*** ستافی یەکەی چاودێری حکومەتی خۆجێی گەرمیان:**

1. ئەحمەد حەمید وەلی، سەرپەرشتیاری یەکە
2. زریان محەمەد، لێپرسراوی دۆسیەی پەروەردە
3. رێناس ساڵح، لێپرسراوی دۆسیەی تەندروستی

*** بۆ پەیوەندی:**

07702303676 -07480207400

Radiodeng@yahoo.com
Radiodang.org